# هەڵەبجە کەیسێک بۆ دادگایی دوژمنانی کورد، دۆسییەیەک بۆ تێکۆشان

عەلی مەحموود محەمەد



سالآنە لە سەروبەندی ڕۆژی «١٦-٣» دا ، دەردو مەینەتییەکانی شاری هەڵەبجە، برینە قوڵەکانی ئێستا و رابردووی ئەم شارە دێتەوە یادمان، دووکەڵ و خوێن و کەلاوەو قوراوەکانی تێکەڵ بە یەک دەبن، فرمێسکەکان لەم ڕۆژەدا جۆگەلە دەبەستن، خەمەکانی رابردوو و ئێستای ئەم شارە بەربینمان دەگرن، لێ کە هەر گوزەرمان کرد لەو ڕۆژە، ئەوا هەڵەبجە بە رابردوو ئێستاوە، بە کۆمەڵکوژی و کەلاوەکانییەوە دەچنە مێژووەوەو لە یادیان دەکەینەوە .

پار ساڵ هەڵەبجە چووە لیستی گینسەوە لە رێگەی ژمارەی قوربانیانییەوە بە چەکی کیمیاوی، کە بە زیاتر لە «٤٠٠٠» دیاریکرابوو، واتا ئەگەر ژمارەی قوربانییانی تەنها «٤٠٠٠» مرۆڤ بێت، ئەوا گەورەترین قوربانی چەکی کیمیاوی لە جیهاندا ئەم شارەیە .

لێرەدا جێی خۆیەتی لە خۆمان و لە دەسەلآت بپرسین، ئایا ئێمەی کورد توانیوومانە بە پێی پێویست، کار لەسەر ئەو کەیسە گرنگە بکەین ؟، چ تاوانەکە بە جیهان بناسێنین، یاخود بیگەیەنیین بە ناوەندە گرنگەکانی بڕیار ؟.

ڕاستە ئەمڕۆ جیهان لە گوندێکدا بچووک بۆتەوە، لە هەموو جیهان، نووسەران و لێکۆڵەران و سیاسی و قوتابییەکان بیانەوێت دەستیان بە زانیاری دەگات لەسەر هەڵەبجە و ئەنفال، بەڵام ئێمە کەڵکمان لەم گوند بوونی جیهانە بە پێی پێویست وەرنەگرتووە، نەمان توانیوە ئەو زانیارییە پێویستە ببەخشین ، ئەو زانیارییانەی لەسەر مێژووی کۆمەڵکوژییەکانمان هەمانە، بە تایبەت بە زمانە زیندووەکانی جیهان، ئایا بە ئاستی گەورەیی کارەساتەکەو ژمارەی ئەو قوربانیانەیە ؟، بێشک نا، لەچەند سەرەقەڵەمێکی بچووک و سادە، چەند وێنەیەک زیاتر دەستمان بە هیچی دیکە ناگات، ئایا ئەمە گرانە بۆ گەلێک، یان حکوومەتێک کە بودجەکەی سالآنە چەند ملیار دۆلارێکە، بتوانیین چەند دۆسیەیەک لەسەر ئەو کارەساتانە بە زمانە زیندووەکانی جیهان بخەینە بەردەست مرۆڤایەتی ؟، بێشک نا، کاری چەند ڕۆژێکی جدییە و ئیمکاناتێکی کەمیشی دەوێت، چەند پسپۆڕێک لە بوارە جیاجیاکان، لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنە لە هەموو بوارەکاندا بکەن، مێژوویی، زانستی، ئابووری، ژینگە، یاسایی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، هونەری ......، وەلێ بۆ تاکو ئێستا ئەمە نەکراوە؟، ئەمە پرسیارە گەورەکەیە، پێویستە هەر ئەمڕۆ وەڵامی خۆی وەربگرێتەوە ، هەر ئەم پرسیارەیە سالآنە وا دەکات لە یادەوەری کارەساتەکان، جەماوەر نارەزایەتی دەرببڕن، ئەمە دەریدەخات دەسەڵاتی کوردی لە هەمبەر ئێستا و رابردووی کوردستان بە گشتی و ناوچەکانی قوربانییان کەمتەرخەمن، تاکو سەریش ئەم کەمتەرخەمییەیان لێ قەبوڵ ناکرێت.

ئەگەر دەمانەوێت بۆ سالآنی داهاتوو لیستی داواکارییەکان جەماوەر لە هەموو بوارەکاندا بچووکتر بنەوە، ساڵ بە ساڵ کەڵکە نەبن بەسەر یەکەوە، ئەوا پێویستە هەر لە «١٧-٣-٢٠٠٧ » ەوە، لیستێک لە داواکاری و داخوازی هەموو ناوچەکانی قوربانی کۆبکەینەوە و کاری جدی لەسەر بکەین، ناکرێت تۆ زۆرترین بەڵێن بدەیت و هیچیش پێشکەش نەکەیت، ناڵێم با نەخشەی مارشاڵ بۆ هەڵەبجە و گۆپتەپە و سێوسینان و بالیسان و بارزان وگەرمیان



دابندرێت، بەڵکە پێویستە بە ئینسافی و بە ئەندازەی سەدا یەکی قوربانییەکانیان مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێت .

ناوەندی چاک یان درووستتر بلێم ئەندامێکی ناوەندی چاک " شاخەوان شۆڕش " ، بە رەنجی «١»مانگی، دۆسییەیەکی باشی بە زمانی ئینگلیزی لەسەر ئەنفال ئامادە کرد، باشە بۆ دەبێت گرانبێت حکوومەتی کوردستان لەسەر تەواوی دۆسییەکانی قوربانی " هەڵەبجە، ئەنفال، بارزانی، فەیلی، تەعریب، راپەرین، ..... " دۆسییەی تایبەتی بۆ وردو درشتی تاوانەکانەوە، بە هەموو زمانە زیندووەکانی جیهان دروست بکات و لەو گوندە بچووکە کە ناوی جیهانە، لە رێگەی تۆڕی ئەنتەرنێت و جالییەی کوردییەوە بیخاتە بەردەست مرۆڤایەتی، کە دەبوایا نەک تەنیا ئەوەندە بەڵکە بۆ هەموو مێژووی کورد و دۆسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش هەمان کاری بکردایە، ئەوە نەک ئەنجامدانی لە توانای کوردایە، بەڵکە لە توانای دەزگایەکی بچووکی راگەیاندنیشدایە .

## دادگایی و هەڵەبجە

لە پرۆسەی دادگایی تاوانباران گەورەترین خەتا بە دۆسییەکانی کورد کرا، زوو گوتمان و هاوارمان کرد، ئەمە گۆڵێکی سیاسییە لە کورد کرا، ئەمە سایکیس بیکۆیەکی تازەیە ، ئەگەر نەتوانرا تاوانکاران لە دادگایەکی نێونەتەوەیی دادگایی بکرێن، لە سێدارەدانی یەک لە دوای یەکی تاوانباران، پاکسازی تاوانبارانی هەڵەبجە و بچووککردنەوەی ئاستی دۆسییەکەیە، گەورەیی دۆسییەکە بەندە بە گەورەیی تاوانکاری ئامادە بووەوە لە ناو قەفەسی دادگا، بێگومان دەبیینین لە دادگایکردنی تاوانباران لە هەمبەر تاوانی هەڵەبجە، بە ئامادەنەبوونی هیچ تاوانبارێکی گرنگ، دۆسییەی هەڵەبجە تا ئاستی دادگاییەکی زۆر ئاسایی بچووک دەبێتەوە، ئەمە خەتا مێژوویییەکەیە بەرامبەر بە گەورەیی کارەساتی ئەو شارە دەکرێت .

## چاک و یاد کردنەوەکانی هەڵەبجە

ناوەندی چاک لە رۆژی دامەزراندنییەوە، هەڵگرتنی ناوی هەڵەبجە بۆ خۆی، خۆی لە خۆیدا هەنگاوێک بووە بۆ ناساندنی ناوی ئەم شارە بە بیرورای جیهانی، ساڵانە بە شێوەی رێک و پێک و سیستەماتیک چالاکییەکانی لە ئاستی دەرەوە رێک دەخات، لە دوای دامەزراندنی ئەم رێکخراوەوە لە ساڵی «٢٠٠٢» ، ساڵی پێتریش لە رێگەی کاروانی ئاشتییەوە، ئاستی یادکردنەوەکان چ لە روی ژمارە، یان شێوە، یان قەبارەی بەشداران روو لە ترۆپکە، ئەمە سەرباری ئاستی گوتار و ناوەرۆکی دەربڕینەکان و کاریگەری درووشمەکان زۆر چونەتە پێشەوە .

راستە ناوەندی چاک تاوانبار فرانس ڤان ئانرای نەدۆزییەوە، هۆکاری دۆزینەوەو گرتنی نەبوو لەسەرەتادا، وەلێ چاک توانی لە بری ئەوەی عەبادان و محەمەرە ببنە کەیسی دادگاییەکەی، بالیسان و زێوەو گۆپتەپە و هەلەبجە و ئەنفال بوونە سیمای دادابییەکە، ئەمە گەورەترین خزمەت بوو بە ناساندنی هەڵەبجە، هەر زوو بریندارانی چەکی کیمیاوی هەڵەبجەی کردە سکاڵاکەری سەرەکی دۆسییەکە، لەو رێگەیەوە هەڵەبجە زیاتر بە جیهان ناسێنرا، وەلێ نابێت ئەوە لە یاد بکەین تاکو هاتنە پێشەوەی دۆسییەی هەڵەبجە لە دادگای باڵای تاوانەکان، ئەو تاوانە بە پێی قەبارەی خۆی ناناسێنرێت بە جیهان .

بۆ ئەمساڵ چاک لە ٤-٣ لە هۆڵەندە کۆنفرانسێکی بۆ نەتەوە ژێر دەستەکان رێک خست " باشووری سودان، دارفۆر، ئەرمەن، کورد، ئەحواز، تەواریق، ئەمازیغی لیبیا و مەغریب .... " ئەو نەتەوانەی هەموو تەنها ناویان جیا بوو، بەڵام لە قڕ کردندا یەک ناسنامەیان هەبوو، بە هەمان شێوە بە بەشداری ٩ پارت و رێکخراو و بەرنامەیەکی سیاسی و هونەری گەورە لە ئەمستردام رێک خراوە ، پەرلەمانتارانی هۆڵەندی پەیام دەدەن، چەندین هونەرمەندی ناسراو و سرود و گۆرانی دەڵێن، لە نەرویج و لەندەن چاک بەشدارە لە ئامادە کردنی دوو کۆنفرانسی گرنگ ، لە نەرویج و ئەڵمانیا و دانیمارک و فینلەند و سویسرا و بەریتانیا و ...... لە چەندین شاری جیاجیا یادی هەڵەبجە دەکرێتەوە، بە گشتی لە گەڵ گەورە بوونەوەی ناوەندی چاک، ساڵ بە ساڵ یادکردنەوەکانی هەڵەبجە مەزنتر و بەرفراوانتر دەبن لە دەرەوەی کوردستان، چاک بە کار و هەڵوێستەکانی بووە بە باڵوێزی دۆسییەکانی قڕکردنی کورد لە دەرەوە .



